# سێکس و گەنج و مۆبایل

**تامان شاکر**

کە باس لە گەنج دەکەین روو بەروی سەدان کێشە دەبینەوە، یەکێك لەو کیشانە ئامادە نەبوونی کۆمەڵگەی کوردییە بۆ تەکنۆلۆژیای سەدەی بیستویەك و کرانەوی ژیانیکی ئازاد، گەنجی کورد لەگەل گۆرانکارییەکانی سەردەم هێشتا خۆی رێکنەخستووە، گەنجانی ئێمە لە نیوسەدە بەر لە ئیستادا دەژین، لەوانەیە خاوەنی مۆبایل و کۆمپیتەرێك بێت، سەتەلایتیشی لەبەر دەست بێت، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە خاوەن کەسایەتی خۆی، تا ئێستا بە فەرمانی گەورەکان هەڵدەستیٚ و دادەنیشی و ئەوان لە سەر ژیانی بریاردەرن، زۆرینەی گەنجی ئێمە گیرۆدەی سیستەمی عەشایرگەری و بیرۆکەی خێڵەکییە، بۆیە بروای تەواوی بە خودی خۆی نییە، نەیتوانیوە خۆی وەك تاکیکی ئازاد و رەها دەر بخات، پێوەر و پێوانەکانی لە بەها مەعنەوییەکان نزیك نەکردۆتەوە، هەموو شتێکی بۆخۆی دەوێت، هەمان هەڵسوکەوتی باب و باپیرانی پیادە دەکات، باوك و دایکانیش حەز دەکەن منداڵەکانیان کۆپییەکی خۆیان بن، هەر هەنگاوێکیش لە دەرەوەی ئەو سیستەمە بە خراپی بەسەر تاك و بنەماڵەدا دەشکێتەوە.

تێنەگەیشتن لە رەوتی تەکامولیٚ، لە خۆ نامۆ بوون، گەنجی ئێمەی بە لارێدا بردووە، ژیان بە سیستەمی کۆنزەرڤاتیڤ لەسەر ژیانی گەنج بە تایبەتی لە باشووری کوردستان کە تا رادەیەك ئازادە، لە رووی سیاسیەوە کاریگەری زۆری هەیە، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەم سیستەمە زیندانێکی کەم وێنەیە، زیندانێك کە تێیدا گەنج پەروەردە ناکرێت و زیاتر تووشی لادان دەبێت، بۆیە هەندێك لە گەنجەکانیشی یاخی و سەرکێش کردووە، ئت رادەیەك کە دژی هەموو شتێکن، هەندێکیشیان بوونەتە قوربانی ئەو خۆفریودان و لە خۆبایی بوون و سەرەرۆیی و.... هتد، کە بە داخەوە تا ئاستێك تووشی نەخۆشی دەروونی بوونە کە نەك تەنها زیان بە خۆیان دەگەیەنن، بەڵکو بە تەواوی بۆ کۆمەڵگەش زەرەرمەندن. هۆکارەکانیشی دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئامارەی پێبکەین، ئازاد کردنی کەناڵە سێکسیەکان لەسەر ئەنتەرنیت و سەتەلایت، بە کارهێنانی مۆبایل بە شێوەیەکی نا تەندروست، نەبوونی پەروەردەیەکی گونجاو بۆ راهێنانی گەنج و بەرجەستە نەکردنی بەها ئەخلاقییەکان لە لای گەنج، چ لە ناو خێزان و چ لە دامودەزگاکانی راگەیاند و چ لە پلەکانی خوێندن و تەنانەت خوێندنی بالادا، چونکە ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم پرۆسیسە دەکەن یان زۆر کەمتەرخەمن یان کەسانی دۆگما و دواکەوتوون و دەیانەویٚ کۆمەڵگە هەروەك خۆی لە گۆمیکی وەستاو زیاتر هیچیتر نەبێت و ترسی ئەوەشیان هەیە لە گەلٚ شالاوی پێشکەوتن و بە دیموکراسی بوون و پەرەسەندنی ئازادی تاکدا، رۆڵیان نەمێنێت، ئەگینا چی وا لە گەنجێك دەکات کە دوای هەزار پارانەوە لە کچێك تا پیاسەیەکی لەگەڵدا بکات و دوای رازیبوونی (قل)ەکەی بەو پیاسە ئەهریمەنییە، بە مۆبایل وێنەی بگرێت و بە گەرەکەکانی شاردا بلاوی بکاتەوە؟ بێگومان ئەو کورە وا راهاتووە وا بیر بکاتەوە کە مێینە لە ناو گەلٚ زیاتر شتێکیتر نییە!! هەر بۆیە گەورەترین سووکایەتی پێدەکات، ژن وا بە سووکی سەیر دەکریٚ، تەلاق دەدریٚ، گەورە بە بچووکی پێدەکریٚ، لە بری خوێن دەدریٚ و...هتد، بۆیە لەم ولاتەی ئێمە کە باسی مێینە دەکرێت، هەموو قسەکردنێك لە سەر ناوگەڵییەتی، گەنجی ئێمە وا فێر نەکراوە کە بە شێوەیەکی زانستی و مرۆڤانە لە سێکس بروانێت، سێکس لە جیاتی ئەوەی خۆشی ببەخشیت و نەوەیەکی تازە بەرهەم بێنێت، دەکرێتە مایەی شەرمەزاری نەك تەنها بۆ کچێك، بەڵکو بۆ تەواوی بنەماڵەکەشی، ئەوەش دەچێتە خانەی توندوتیژی و ئاکامەکەشی بە مەرگی هەردووکیان کۆتایی پێدێت.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەر ئەو گەنجانەی کە سووکایەتی بە کچی خەڵك دەکەن و فریویان دەدەن، خوشکەکانی خۆیان دەشارنەوە و بە شەق لەچکیان لەسەر دەکەن. کێشەی گەورەی گەنجی ئەم ولاتە بێجگە لە بێکاری و کێشەی نیشتەجێبوون و نایەکسانی کۆمەلایەتی، کیشەی سێکسە، چونکە گەنجان بە هۆی ئەو ئامێرانەی لەبەر دەستیاندایە

بەردەوام لە حالەتی ورووژاندان، شوێنێکیش نییە هەناسەی تێدا بدەن و ڕێگاچارەیەکیش نییە کە ئاسانکارییان بۆ بکات لە پێناوی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری یان خاڵی کردنەوەی غەریزەکانیان، لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا ئەم کێشەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان چارەسەر کراوە، بەڵام لە کوردستان مەلاکان فتوای تەقاندنەوەی شوێنی لەشفرۆشەکان دەدەن و دەوڵەتیش لە بەر ئەوەی مەلا چاو ساغیەتی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی گەنجان نادۆزێتەوە.

دەوڵەت تا ئێستا نەیتوانیوە ژنهێنان ئاسان بکات، نەیتوانییوە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان دابینبکات، دانیشتنیش لە گەڵ ماڵە باوان هەزارویەك کێشەی لێدەکەوێتەوە. لە باشووری کوردستان نە سەردەمی خەباتی شاخ ماوە کە گەنجان ژیانی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن، نە هێندەش حکومەت بەهای پێداون کە لە پرۆژەکانی بەرهەم هێنان و داهێنانە زانستییەکاندا بەشداربن، مەلاکانیش پێیانوایە بەخوێندنی قورئان حەزی سێکسی کەمدەبێتەوە، بۆیە بەمشێوەیە ئامۆژگاری گەنجان دەکەن، خۆ ئەگەر ئەم تیۆرییە ڕاست بوایە دەبوایە مەلاکان کە بەردەوام قورئان دەخوێنن و نوێژ دەکەن، هەرگیز ژنیان نەهێنایە، ئەوان بۆخۆیان هەیانە بە ژنێك ڕازی نابێت و کردوویەتی بە دووان، هەشیانە لە خوا بەزیاد بێت چواری هەیە، ئەوان باش دەزانن خەڵکێکی زۆر گوێیان لێدەگرێت، بەڵام هەرگیز هەوڵیان نەداوە ڕێگایەکی شیاو بخەنە بەردەم گوێگرانی خۆیان، لە ڕۆژانی هەینیدا هەوڵنادەن ئەم کێشانە باس بکەن، ئەگەر باسیشی بکەن هەر هەمووی هەڕەشەیە، یان خەڵات و بەراتی بەهەشتە یان ئاگری دۆزەخ، ئیتر باسی ئەوە ناکەن با ئاسانکاری بۆ گەنج بکرێت و زانیاری پێبدرێت و هەموو شتێکی بۆ شیبکرێتەوە هەتا تووشی لاڕێ نەبێت. ئەوان بە شێوەیەکی زانستی حەز ناکەن وڵات بەڕێوە بچێت، بەڵکو هەوڵدەدەن تەنها ئامۆژگاری دینی بکەن، بەداخەوە هەندێك لەو مامۆستا ئایینیانەش هەر لە پەنای دینەوە دونیایان خواردووە.

لە وڵاتی ئێمە دەبوا لە ناوەندی بڕیارەکاندا بیرێکیان لەم دیاردەیە بکردبایەتەوە، دەبوا پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی جدی ساز بکردایە و لە سەر مەسەلەی ناموس و کوشتن بۆ کرینەوەی ناموس و چارەسەرکردنی کێشەی گەنجان بە هەموو ڕووەکانیەوە پرۆژەیەکی گونجاوی بخستایێتە بەردەم حکومەتی کوردستان، دەبوا دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە وردی خەڵکی پسپۆر و شارەزایان لەم بوارەدا بدوانایە و بەشێکی بەرچاوی کارو چالاکییەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەنجان تەرخان بکردایە، با ئەوەندەیان هۆشیاری بە گەنج بدابایە کە وا بە ئاسانی تووشی هەڵە و تاوانی ئەخلاقی نەبن. با ئەوەندە کاریان لە ئاستی یاسامەندی تاکی نێم کۆمەڵگەدا بکردبایە کە هەموو سزادانێکی تاوانبار لەلایەن دادگەکانەوە دەربچووبایە و یاسا بڕیاری لەسەر بدابایە.

بێگومان هەواڵی کوشتنی ژنێك یان پیاوێك لە کوردستانی هەڵگری کەلتووری توندوتیژیدا، شتێکی نوێ نییە، بەڵام ڕاستییەك هەیە کە کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا نەیتوانیوە فەرهەنگی بەهرەوەری و کەڵك وەرگرتنی دروست لە تکنۆلۆژیای سەردەم پێناسە بکات. بۆیە گەنجێك کچێکی ناسك هەڵدەخلەتێنێ و سەرخۆشی دەکات و لەکاتی دەستدرێژی سێکسیدا پێی دەڵێت "دەبیتە قوربانی قۆندەرەکەم؟" دەبوا یاسا ئە گەنجە بێویژدان و ناساغانە تەمێ بکات، پێویستە ئەگەر نەخۆشی دەروونی هەیە بخرێتە ژێر چاودێرییەوە، یان ئەگەر یاخی و سەرکێشە یاسا سزایەکی وای بۆ دیاری بکات کە ببێتە پەند بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگە، ئەوەی کچێکی کاڵ و کرچ دەکاتە قوربانی قۆندەرەکانی، ئەوەی ئاسکێکی دەستەمۆ بە پیلان و فریو دەباتە قەسابخانەی ناموسپەرستانەوە، ئەوەی کچۆڵەیەك بۆ سەربڕین ئامادە دەکات، بەر نەفرەتی خەڵکی بەویژدان دەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەم وڵاتە بێ سەرەو بەرەیەدا بیری عەشایرگەرایی و بڕیاری خێڵەکی لە سەرووی یاسا و بڕیارەکانی دادگەکانەوەیە، ئەگەر ئێمە وەکو تاکی ناو کۆمەڵگە یاسامەند بین، سنووری ئازادییەکان دەزانین و هەرگیز تووشی هەڵە و تاوان نابین، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا خۆشەویستی بڤەیە، بزەیەکیش بەسە بۆ کوشتنی کچۆڵەیەك، ئەگەر دابونەریتی سواوی ئێمە ڕێگەی بە گەنج بدایە کە پەیوەندییەکانی خۆشەویستی خۆی لە بنەماڵەکەی نەشارێتەوە، یان ئەگەر ناوەندێکی ڕاوێژکاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەنجان

هەبوایە، ئەگەر باوك و دایكان لە جیاتی چاو سووركردنەوە ببن بە دۆست و برادەری منداڵەكانیان، ئەگەر لە خوێندنگەكاندا پەروەردەی ئەخلاقی بەهای پێبدرابایە، ئەگەر لە هەموو رێگەكانی راگەیاندنەوە، هەوڵ بدرایە كە ئازادی تەعبیر بكرێ و چوارچێوەی بۆ دیاری بكەن، بێگومان هیچ كچێك بە پێی خۆی نەدەچوو بۆ كوشتارگا و بە دەستی خۆی قوڕی بۆ خۆی و بنەماڵەكەی نەدەگرتەوە، با ئەگەر هەر هیچمان پێناكرێت سەیری وڵاتە دواكەوتووەكان بكەین، لەوڵاتێكی وەك عەرەبستانی سعوودی مۆبایلی بەكامێرا قەدەغە كراوە، لەكوردستانیش ئەگەر رێگاچارەیەكی‌تر نادۆزرێتەوە، با مۆبایلی بە كامێرا  قەدەغە بكەن و ژیانی كۆمەڵێك خەڵك لە مردن رزگار بكرێت.